**پێکوتەیەک بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا**

ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید- 19) ڤایرۆسێکی نوێیە کە بە ئاسانی لەنێوان خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە. کەسانی بەساڵاچوو بەوانەشەوە کە تووشی دیمێنشیا بوون لە هەموو کەس زیاتر مەترسییان لەسەرە بۆئەوەی کە تەندروستییان زۆر خراپ ببێت ئەگەر تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا ببن. هێشتا هیچ چارەسەرێک بۆ ڤایرۆسەکە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە زاناکان کار لەسەر دروستکردنی پێکوتە (ڤاکسین) ێک دەکەن کە لە کۆڤید- 19 بمان پارڕێزێت.

هەندێک پێکوتە لەسەر کەسانی خۆبەخش تاقی کراونەتەوە. بەڵام هیچ کەسێک هەتا ئێستا پێکوتەیەکی نەدۆزیوەتەوە کە کار بکات.

هیچ بەڵگەیەک نییە کە هیچ کام لەو پێکوتانەی کە تاقی کراونەتەوە زیانبەخش بووبن بۆ ئەو کەسانەی کە ئەسڵی ئەفریکی، ئاسیایی، کاریبی یان کەمینەی نەژادی تریان هەیە.

ئەوەت لە بیر بێت کە ئەگەر تەندروستیت باش نەبێت تۆ دەبێت هەموو کاتێک پەیوەندی بە پزیشکی گشتی (جی پی) خۆتەوە بکەیت یان تەلەفون بکەیت بۆ ئێن ئێچ ئێس NHS بە ژمارە 111.

هەموو کاتێک پەیڕەوی ڕێنوێنییەکانی حکومەت بکە.

زانیاری و ڕێنمایی زیاتر لەسەر ماڵپەری یەکسانی نەژادەکان بەردەستە